## ماڵپەرە کوردییەکان زبڵخانە نین!!

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ژمارەی 3677 ڕۆژی 22/5/ 2005 دا وتارێکی لە ژێر سەردێری "سایت یان زبڵخانە" بە ناوی نووسەر لوقمان غەفوور بەرپرسی لاپەرەی هاووڵاتیان، بڵاوکردۆتەوە. نووسەر بۆ ئەوە لێکۆڵینەوەیەک، لە مەڕ ماڵپەرە کوردییەکان ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی ناوی ئەو سایتانە کە مەبەستیەتی بهێنێت، هێندێک لە سایتەکانی بە زبڵخانە زانیوە! کاک لوقمان خۆی دەنووسێ:" قسەکردن یەکیکە لە شێوازە پەیرەوکراوەکانی ئەم سەردەمە، بەڵام قسەکردن دەبێت مەنتقی تێدا بێت و ..."

بریا کاک لوقمان لە نووسراوەکەی خۆێدا ئەم وتەی خۆی ڕەچاو کردبایە و قۆڵی لێ هەڵماڵی با و خوێنەرانی ڕۆژنامەی کودستانی نوێی بە نووسراوەیەکی بە پێزی پڕ لە زانیاری لە سەر ماڵپەرە کوردییەکان شاد کردبا.

ڕداکسیۆنی ماڵپەری بۆکان/ڕۆژهەڵات
www.rojhalat.de
2005/5/22 ئاڵمان




**سایت یان زبڵخانە**

سایتەکان لەئینتەرنێتدا دنیایەکی بەرینە بۆئەوەی زانیارییەکانمانی پێ زیادبکەین، بەڵام بەداخەوە خەریکە سایتە کوردییەکان وایان لێدێت دەبنە شوێنگەی جنێوفرۆشی و جنێونامەیەک کەهەموومانی نیگەران کردووە.

سایتەکان دەبوایە هەنگاوێکی باشبوونایە بۆئەوەی نووسەران لەورێگەیەوە، یەکتریان بناسیایە، بەڵام بەداخەوە یەکتری تیادا دەشکێنن و هێرش دەکەنە سەر یەکدی.

بەراستی هەندێک لە سایتەکانی لای ئێمە وایلێهاتووە جنێونامەیەکی فراوانە گەر دەتەوێت لەورێگەیەوە بنەماڵەی کەسێک شارەزابێت سەردانی سایتەکان بکە، کار گەیشتۆتە ئەوەی بەبنەماڵەو خێزانی یەکتردا دێنە خوارەوە.

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم وتی: دەزانی تۆ لەعەسری حەفتاکاندا دەژیت، ئیمانت بەچوونە سەر کۆمپیوتەرو خوێندنەوەی سایتەکان نییە، منیش وتم: کاکی خۆم ئەو سایتانەی تۆ باسیان دەکەیت، بۆتە زبڵخانە، قسەی وای تێدا دەنووسرێت کەلەبازاڕدا ناوترێت، چونکە زۆرجار خەڵکی بازاڕیش ژێربێژن و قسەی جوانیان هەیە.

ڕاستە ئازادی دەربڕین و قسەکردن یەکێکە لەشێوازە پەیڕەوکراوەکانی ئەم سەردەمە، بەڵام قسەکردن دەبێت مەنتقی تیادا بێت و دووربێت لەموهاتەراتی شەخسی.

لوقمان غەفوور